دەستەی کارگێڕی نوێ بۆ یانەی وەرزشی زێورا هەڵبژێردرا

ئەمڕۆ هەینی، هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی زێورا لە بەغدای پایتەخت بە ئامادەبوونی چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی گشتی بەڕێوەچوو.

دەستەی کارگێڕی نوێ بۆ یانەکە هەڵبژێردرا، محەمەد شەنشول پێستی سەرۆکی یانەکەی بەدەستهێنا، عەبدولـئەمیر وەك جێگری سەرۆکی یانەکە هەڵبژێردرا، محەمەد کەریم پێستی سکرتێری وەرگرت و هەروەها یەحیا محەمەد وەك سکرتێری دارایی هەڵبژێردرا، هەروەها قاسم محەمەد وەك ئەندامی دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردرا.

ئاماژەی بۆشکردووە : ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی گشتی یانەکە 454 کەس، لەکاتێکدا ژمارەی ئامادەبووان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا 274 کەس بووە.